# ریفراندۆم و خورمژ

( نامەیەك بۆ بەرێزان / شێركۆ بێكەس و هاورێكانی )

**ناڵە حەسەن**

**ریفراندۆم هۆكارێكە لە رێگەی راپرسی ئازادانەی خەڵكەوە بۆ بریاردان لە سەر مەسەلە چارەنووس سازەكان لە كاتی پیویست و گونجاو دا بە كاردەهێنرێ . كۆمەڵگەی كوردستانیش بە پێی ئەم دۆخە نادیارەی رووبەرووی بۆتەوە كە تیایدا نە ئێستای دیارە و نە ئایندەی , بۆیە ریفراندۆم بۆ ئیستای كورد كارێكی گونجاوە بە تایبەت ئەگەر بریار لە سەر جیابوونەوە بدرێت و دەولەتێكی سەربەخۆ لە كوردستان پێكبهێنرێ . وە ئەم ریفراندۆمەش بەر لە هەشت ساڵ لە لایەن حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق بۆ وەلام دانەوە بە كێشەی میللی كورد راگەیانراوە . بەلاّم بە دوای رووخانی رژێمی بەعس مەسەلەی ریفراندۆم بازاری گەرمتر بووە . لە زۆرلاوە ئیمزای بۆ كۆدەكرێتەوە و لە كوردستان ئۆفیسی بۆ كراوەتەوە و لەلایەن زۆرێك لە نووسەرانیش ئەم مەسەلەیە هەلەكە سەمای پێكراوە . دیارە من بۆخۆم لایەنگری ریفراندۆمم وە پێشم خۆشە ئەم پرۆسەیە بە ئەنجام بگات . بەلام ئەوەی جێگای سەرسوورمانە بۆ من هەوڵەكانی ( شێركۆ بێكەس و هاورێكانیەتی ) لە پەیوەند بە ریفراندۆم و مەسەلەی سەربەخۆیی كوردستان.... دیارە من كارم بە سەر ئەو پرسیارە نیە بڵێم ( ئەی تا ئێستا لە كوێ بوون ... ؟ ) . ئەوە بە مافێكی خۆتان دەزانم كە لە هەر كاتێك دا هەر خواستێك بۆ خۆتان بەرز بكەنەوە . وە سەرسوورمانەكەی من لێرەوەیە .. لە سەنگەرو جێگە و رێگەی ئێوە و لە ئامانجێك كە ئێوە بە دوایەوەن ... ! بە راستی لە لای من ئەوە زۆر گوناه و تاوانە كە مەسەلەی ریفراندۆم ئەم مەسەلە چارەنووس سازەیە بۆ لاف لێدانی نەتەوایەتی و ئەگەر زۆر لە سەر دڵتان گران نەبێت بڵێم بۆ چاو بەستنی خەڵك بەكاری بهێنن ... !دەی ئەگەر وا نیە / شێركۆ بێكەسی خۆشەویست , ئەگەر بەراستی لایەنگری ریفراندۆم و جیابوونەوەی كوردستانن دەفەرموو بەرێزەكانم تخووبی خۆتان لەگەل پەرێزی یەكێتی جیا بكەنەوە . بە مانایەكی تر ئاخر ( هیچ واقیع بینیەك و جدییەتێكی**

**تیادا نیە بۆ هەر کەسێك کە لە ژێر چەتری یە کێتی و پارتی دا بێت و باس لە ریفراندۆم و جیابوونەوە و دەولەتی سەربەخۆیی کوردستان بکات ... ! ) .**

**ئەمە جگە لە بانێك و دوو هەواو... خەونێکی یۆتۆپیایی شتێکی تر نیە .ئاخر ئەوە چ لۆژیکێکە ئێوە سەرکردەکانتان دەستیان بە پەرچەمی یەکپارچەیی خاکی عێراقەوە گرتووە و لە گەڵ هەرچی ( گەجەر و گوجەری ) ئەم وولاتە هەیە مەجلیسی حوکمیان پێکهێناوە . ئاخر جەلال تالەبانی و مەسعود بارزانی ئەوەی لە فەرهەنگی ئەوان دا نەبێت رێز گرتنە لە خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان ... ئەوەی بە بیری فەرهەنگی ئەوان نەیەتەوە ( قوربانیانی ئەنفال و هەلەبجە و بارزانیەکان و هەزاران هەزار گیانبەختکردووانی رێگای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانە ) . ئەوان ئامادە بوونە رێز لە هەموو دوژمنێکی کورد و لە هەموو کۆنەپەرستێك و لە هەموو مرۆڤکوژێك بگرن , وە بچن روومەتە پر تاوانکانییەکانی سەدام ماچ بکەن و لە سەر گۆری خومەینی فرمێسك برێژن و بە گوڵ پێشوازی لە سوپای تورکیا بکەن ... بەڵام ئەوەی ئامادە نەبوونە ئەوەبووە کە هەرگیز بۆ تەنها جارێك گوێیان لە خواست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان را نەگرتووە ... ! نیو سەدەیە خەونە جوانەکانی ئێمە لە نێو زێرابە گەنیوەکانی کەللەی سەری ئەم سەرکردانەوە دەخنکێنرێ . بەرێزەکانم ئایا ئێوە قەت پرسیارێکتان لە خۆتان نەکردووە لە کوێی ئەم رووداوانەوە وەستاون و یاری بە چ پشکۆیەك دەکەن ... ؟! ئایا هەرگیز لە خۆتان نەپرسیوە کەکاتێك جەلال تالەبانی و مەسعود بارزانی بریاریان لە سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دا و چوونە نێو ( مەجلیسی حوکم ) کە دڵنیام ئەم مەجلیسەی حوکمە لە ئاینده دا جگە لە حەمامی خوێن شتێکی تریان پێ نیە کە بە دیاری بە ئێمەی ببەخشن ... ! ئایا پرسیان بە کێ کرد ... ؟ ئایا بریار بریاری تەنها خۆیان بوو یان خەڵك ... ؟ ئایا بیرتان لەوە نەکردۆتەوە کە پارتی و یەکێتی هیچ باوەرێکیان بە ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەولەتی کوردستان نیە ئەی بۆچی رێگە بە ئێوە دەدەن باس لە ریفراندۆم بکەن ... ؟ حیکمەتەکەی هەرتەنها ئەوەندەیە پارتی و یەکێتی خۆیان باش دەزانن بە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق خەڵکی کوردستان لێیان رازی نین , وە ئەوەش باش دەزانن کە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان پێچەوانەی داخوازییەکانی ئەوانە وە هەتاکو شەپۆلی نارەزاییەتیەکان بە روویان دا نەتەقنەوە و گری ئەم مەشخەڵە بە ئێوە دا**

دەمركێننەوەو خەڵكیش بەمە گۆش بكەن كە ئێمەش باوەرمان بە سەربەخۆیی و دەولەتی كوردستان هەیە و وە لەم چاوەروانیەدا رایان بگرن كە بە داخەوە پێچەوانەكەی راستە ... ! بۆیە بە نەزەری من ئەم سیاسەتی خورمژییە دادمان نادات , بەمانایەك ناكرێ تۆ لە یەك كات دا ( هەم خورماش بخۆی هەم مێووژیش ... ! ) بە مانایەكی رۆشنتر ئێمە لە بەردەم دووریانێك داین , یان جیابوونەوە و سەربەخۆیی كوردستان یان یەكپارچەیی خاكی عێراق .مەعلومیشە پارتی و یەكێتی و شیوعیەكان و شیعەكان و چەلەبیەكان و سامەرائیەكان و خەزرەجیەكان و هەموو ئیەكانی تری لەم بابەتە ئالأی یەكپارچەیی خاكی عێراق دەشەكیننەوە و كۆمۆنیستەكان و ئازادیخوازەكان و رۆشنبیرەكان و خەلكی ستەمدیدەی كوردستانیش جیابوونەوە و دەولەتی سەربەخۆیی كوردستان . ئەم دووریانە دوو بەرەی جیاواز و دوو ئاسۆی جیاوازی لێ بۆتەوە . جا پرسیار ئەوەیە كە پێتان بڵێم بەرێزان ئێوە خۆتان لە كام بەرە دەبیننەوە .( برام شێركۆ ) . تۆ زۆر گەورەی لە پانتایی داهێنانی شیعری دا من هیچ گومانێكم لەمەدا نیە وە زۆر دڵخۆش بووم بەو هەڵوێستەت كە كاتی خۆی لە كۆرێكی شیعر خوێنەوەت دا شیعری خۆت لە شیعری قەڵەم فرۆشەكان جیاكردەوە و ناوت نا ( شیعری مەرد ) ئێمەش ئێستا بە مافی خۆمانی دەزانین هەڵوێستی خۆمان لە هەڵوێستی خۆفرۆشان وخەڵك فرۆشان و میللەت فرۆشان جیا بكەینەوە و ناوی هەڵوێستی خۆمان بنێین ( هەڵوێستی مەرد ) بۆیە بانگتان دەكەم و دەڵێم وەرنە ئێرە , گوڵ لێرەیە و هەر لێرەش شكۆفەكانی ئازادی و سەربەخۆیی دەگەشێنەوە ... !

كەنەدا / ئابی ٢٠٠٣